**ئەرسەلان ڕەحمان :**

# باوکم کیمیایی نەیکوشت، بەڵکو بێکارەبایی وگەرمای هەولێر کوشتی .

دیدار عومەر محەمەد



لە شەوێکی درەنگ وەختی مانگی شوباتدا بوو ڕێک ١٤ی شوباتی ئەمساڵ لەگەڵ مامۆستا ئەرسەلان رەحمان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک، خەریکی بیروراگۆڕینەوەو گفتوگۆ بووین لەمەڕ کەم تەرخەمی میدیاو جەنگی سایکۆلۆژی داعش و بێباکی میدیای کوردی، ئەوسا گفتوگۆمان لەسەر بەرنامەیەکی (K.N.N) بوو کە مامۆستا ئەرسەلان بەشداری تێداکرد بوو، ئەوسا تازە بەیەکتری ئاشنا ببوین و هێشتا یەکترمان نەدیبوو لەمەر فۆنەتیکی زمانییەوە پرسیارم لێکرد داخۆ مامۆستا خەلکی ناوچەی بالیسانە؟ ئەو لەوەڵامدا بە پێکەنینەوە نوسی نەخیر من هەورامیم، ئێمەش شەقی بەعسمان پێوەیەو دوای کیمیابارانەکەی ١٦ی ئازاری ساڵی 88 چووینە ئێران دوایی کە هاتینەوە رۆژگاری بەعسیەکان ئێمەی گەیاندە گردەچاڵ ، ئێمە بەلێبوردنی گشتی هاتینەوە، بەلام لەبری ئەوەی بمانبەنەوە بۆ زێدی خۆمان راگوێزراوین بۆ ئۆردوگای گردەچاڵ، ئیدی گفتوگۆکەمان درێژەی کێشاو زانیم مامۆستاو خانەوادەکەشی پریشکی گازباران وئەنفالیان بەرکەوتووە، جگەلەوەی هەموویان بریندار بوون، لەزێدی خۆشیان هەڵکەندراون بە زۆرەملێ ورەوانەی گردەچاڵی نزیک شاری هەولێر کراون . مامۆستا لەمیانەی گفتوگۆکەماندا باسی سەربازێکی عێراقی بۆکردم کە دوای ئەوەی لەبەرەی جەنگی هەڵەبجە سوپای عێراق شکاوەو ئەو سەربازەش دابراوە پەنای بۆ خانەوادەکەی ئەمان هێناوە کە ئەوسا هەموویان بەبرینداری کیمیایی بوون لەو شیودۆڵانەی ناوچەی هەوراماندا خۆیان حەشارداوە، ئەمانیش بەمیهرەبانیەوە ئامێزیان بۆکردووەتەوەو دالدەیان داوەو کردوویانە بەکوڕی خۆیان و هەر لەگەڵ خۆشیاندا بردویانە بۆ ئێران ووەک کوڕی خۆیان مامەڵەیان لەتەکداکردووە. هەتا ئەوکاتەی دەزگا سیخوڕییەکانی ئێران هاتوون خالیدیان بردووە بۆکەمپێکی تر لەسایەیاندا حەواوەتەوە.

ڕەنگە ئەم دیدارە لە دیدوتێروانینی هەندێک کەسدا نەچێتە خانەی ئەنفالەوە چونکە بەداخەوە تێروانینی ئێستا بۆ خوێندنەوەی تاوانی ئەنفال روکەش و تارادەیەکی زۆر هەر رمڵێدان و گۆترەکارییە، دەنا ئەم خانەوادەیە هەرچەندە نەبراون بۆ نوگرەسەلمان بەلام گورزی ئەنفالیان بەرکەوتووەو بەلای کەمەوە لە زێدی خۆیان هەڵکەندراون و لەژینگەی بنەرەتی خۆیان دورخراونەتەوەو بەر سیاسەتی ڕاگواستن کەوتوون.

من و ئەرسەلان رەحمان هەرئەوشەوە لەسەر دیدارێکی رۆژنامەوانی ڕێککەوتین، سەرئەنجام ئەمدیدارەی لێکەوتەوە .

**باله ناوی سیانیتەوە رۆچینە ناوبەسەرهاتی خۆتانەوە پێت چۆنە ؟**

زۆرباشە

**کەواتە ناوی سیانیت چییە ؟**

ئەرسەلان رەحمان محەممەد

**ساڵی لەدایک بوون؟**

١٩٨١ لە دایکبووم .

پلەو ئاستی خویندەواریت چیە ؟:

سەرەتا پەیمانگاودواجاریش بەکالۆریۆس لەراگەیاندن.

**راگەیاندن ؟ چ بەشێکت تەواو کردووە رۆژنامە یان تیڤی ؟**

بەشی ڕۆژنامەم تەواو کردووە .

**خانەوادەکەتان بەکێ ناسراون؟**

ماڵی حاجی رەحمان یان کوێخا رەحمانی نارنجڵە.

**باوکت لەژیاندا ماوە ؟**

نەخێر بەداخەوە لەژیاندا نەماوە، ساڵی ١٩٩٩ لە گردەچاڵ کۆچی دوایی کرد.

**بەهۆی چییەوە کۆچی دوایی کرد ؟ نەخۆش بوویان بەروداوێکی دیاریکراو ؟**

دەتوانم بڵێم باوکم، کیمییایی نەیکوشت بەڵام بێکارەبایی وگەرماو تینویتی هەولێر و گردەچاڵ کوشتیان و ژیانی لەدەستدا. ئەو بەهۆی ئەوەی بەرکەوتووی چەکی کیمیایی بوو، بەهۆیەوە توشی ڕەبووە بوو. تەنانەت لەزستانیشدا هەرئاوی ساردی حەزلێبوو .ئەوکاتەش کارەبا نەبوو، تەنانەت سەهۆڵ بە کۆبۆنی خۆراک (وەرقەی بایعی) دەدرا. ئیتر بەهۆی ئەو دۆخە خراپەوە باری تەندروستی بە تەواوی تێکچوو، سەرئەنجام گیانی لە دەستدا.

**کاتی کیمیابارانی هەڵەبجە ئێوە لەکوێ نیشتەجێ بوون ؟**

ئەوسا ئێمە لە شارەدێی سیروان بووین .

**بەچی ژیانتان دەگوزەراند ؟**

باوکم فەرمانبەر بوو لە بەڕێوبەرایەتی کشتوکاڵ – باخی زراعە - و کشتوکاڵیشمان دەکرد و داهاتی سەرەکیمان بەتووتن کردن پەیدا کردو تەنیا باوکم فەرمانبەر بوو و برایەکیشم لە کاری توتن و کشتوکاڵیدا هاوکاری بوو .

**ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەتان چەند کەس بوون ؟**

بریتی بووین لە دایک و باوکم و خوشکێک و پێنج برا .

**ئەگەر بکریت ناوی دایکت وخوشک وبراکانتم پێبڵێی ؟**

بەڵێ، دایکم تەڵعەت بارام اللە کرم، لە دایکبووی ١٩٤٥ و براکانیشم : ( فەیسەڵ رەحمان 1970 ، ئەحمەد رەحمان 1971. صباح رەحمان 1982. صلاح رەحمان 1983. خۆشم ئەرسەلان رەحمان محەممەد 1981) خوشکەکەشم ناوی (جوان رەحمان 1979.)

**تۆ چەندەم منداڵی خێزانەکەتانی ؟**

چوارەم مناڵی ماوەی دایک و باوکمم. پێش ئێمە مناڵیان بۆنەماوەتەوە.

**ئێوە بەئاین ئیسلام بوون یان کاکەیی ؟**

ئیسلامبووین.



خانەوادەی حاجی ڕەحمانی نارنجەڵە لە ئاوارەیی

**گوندەکەتان یان شوێنی نیشتەجێ بوونتان چەند لە هەڵەبجەوە دورە ؟**

پێش ئەوەی راپێچی کۆمەڵگەی زۆرە ملێ بکرێین لە 1979 حکومەتی ئەو کاتەی بەعس، بە بڕیارێک بە قوڵایی 30 کیلۆمەتر سنوورەکانی راگواست و گوندەکەی ئێمەش یەکێک بووە لەگوندە راگوێزراوەکان.

کاتی راگوازرانی گوندەکەتان لەبیرە یان منداڵ بوویت ؟

نەخێر من ئەوسا لەدایک نە ببووم، بەڵام زۆرجار دەیانگێڕایەوە کەوا ئێوارەیەکی سەرەتای پایز هەموو خەڵکی ئاواییەکەمان لە سەر سەکۆیەکی تەختایی کە لە ناو ئاواییەکە بە خەرمانگا ناسراوە و ساڵانە خەرمان لەوێ کوتراوە کۆدەکرێنەوە و بە بەرچاویانەوە خانووەکانیان بەدینامیت دەتەقێنرێنەوە و ئەوانیش راپێچی کۆمەڵگەی زۆرەملێی سیروان دەکرێن کە دەکەوێتە سەر رێگەی هەڵەبجە – سلێمانی.

**شێوازی گوندەکەتان چۆن بوو ؟ خانووەکانی چۆن بوون ؟ لەچی دروست کرابوون بەرد یان خشتی قوڕ ؟ بالاخانە دووقات بوو یان یەک قات ؟**

گوندەکەی ئێمە (نارنجلە) وەک سروشتی ناوچەی هەورامان، خانوەکانی لە بەردی (کان)[1] دروووستکراوون، ماڵی باوکم لەو سەردەمەدا کانە بەردیان هەبووە و لە دوو نهۆمدا 9 ژوور وکادێن و گەوڕ و ژووری دانیشتنیان هەبووە. لە هەورامان بەهای خاک هێندەی خشڵ نرخی هەیە و لەبەر نەبوونی خاک خانوو بە وشکە دیوار درووستدەکرێت وهیچ بابەتێکی گەچ و قوڕ وچیمەنتۆی تیدا بەکار ناهێنرێت.

**گوندەکەتان پێش ئەنفال و کیمیاباران چەند جاری تر سووتاوە ؟**

نارنجلە، گوندێکی دڵگیری روو بە هەتاوی ئێوارەیە و پاڵی داوەتە پاڵ گردێکی نیمچە چیاییەوە، گوندەکە لە کۆندا هەواری هاوینانی هەبووە و دانیشتوانەکەی روویان لە دیوی هەورامانی تەخت کردووە و چوونەتە دەوروبەری هانەگەرمڵە. بەڵام دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول بووەتە بەشێک لە ناوچەی رزگارکراوی شۆرش و تا ساڵی 1975 شۆرش حوکمی ناوچەکەی کردووە و حکومەتی تێدا نەبووە. لە 1963 لە شالاوی زەعیم صدیقدا بۆردومان کراوە. لە ماوەی شۆرشدا چەندین جار بۆردومان کراوە و دواجار لە پایزی 1979 راگوێزراوە. ئەو گوندەی ئێمە خەڵکەکەی بە تایبەتی نەوەی شەستەکان بەدواوە خوێندەوارن و بە هەوڵ و کۆششی خوالێخۆشبووی باوکم لە 1963 بۆیەکەمجار قوتابخانەی سەرەتایی تێدا کراوەتەوە و لەو ساتەوە زۆرینەی منداڵانی گوند خراونەتە بەر خوێندن.

**کەواتە ئێوە کاتی کیمیاباران لە نارنجلە نەبوون بەڵکو لە سیروان بوون ؟**

بەڵێ لە سیروان بووین .

**چیت لەبیرە پێش کیمیابارانی هەڵەبجە..**

رۆژی 13ی ئاياری 1987م بیرە، خۆپیشاندان کرابوو. بیرمە ئاگر لە مونەزەمەی سیروان بەردرا بوو، دۆشکایەک لە سەربینای مونەزەمەکە بوو. لەکارکەوتبوو. دوای نیوەڕۆ تەیارە هات و بۆردومانی کرد. پیاوێک لە ژێرزەمین جێگەی نەبووبوویەوە. دراوسێمان بوو، هاتبووە دەرەوە بۆ ئەوەی ژن و منداڵی زیاتر بچنە ژێر زەمینەکەوە، لەبەر دەرگا پارچەی شەستیرێک بەری کەوتبوو. شەهید بووبوو.



وێنەیەکی یادگاری گوندی نارنجەلە حەفتاکانی سەدەی رابوردوو

**ئەو پیاوە ناوی چی بوو ؟**

وابزانم حەمە فەرەجی ناوبوو بەڵام دەتاونم لەدایکم بپرسم و پشتراستی بکەمەوە. دواتر تانک و تۆپی بەعس هاتن و بەرەو هەڵەبجە ئەرۆیشتن. لەسەر رێگە و لە سیروان لایاندابوو. دوو سەرباز هاتنە بەردەرگا و داوای ئاویان کرد. ئەوان بە کوردی – بادینی قسەیان دەکرد. دواتر دەوترا ئەوانە جاش بوونە و لە عەشیرەتێکی سنووری موسڵ بوونە و کورد بوونە و بۆ سەرکوتی خۆپیشاندان هێنرابوون. بیرمە لە ژێرزەمیندا بووین، ژنێک کە پیشتر هاوسەرکەی جاش بوو، بەشداری راپەرینەکەی کردبوو، بەدایکمی دەگوت دەترسم غاز بوەشێنیت.. دەڵێن سەدام غازدەوەشێنێت...

رۆژێکی دیکەم بیرە کە لە ژێرزەمینی ماڵی شەهید کەیوان هەورامیدا بووین. کەیوان بە تۆمەتی ئیسلامی بوون بەعس شەهیدی کرد و تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵ و لەسێدارە درا. یەکێکە لەو منداڵانەی تەمەنیان گەورە کراوە بۆ

[1] کان مەبەستی لەکانە بەردە کە لەزۆر شوێنی کوردستان لەم کانە بەردانە هەن و هەم خەڵک وهەم حکومەت بۆ کاری بیناسازی سودی لێ بینیون و ئێستاش کانە بەردەکان لە ناوچەی شیرکوژی لای سەرچناری نزیک شاری سلێمانی و دوکان وپێنجوێن بەردیان لێ دەردەهێنرێت و ئەوانەی ناویان هات بەناوبانگترینیانن .

ئەوەی لەسێدارە بدرێن. تۆپێک بەر ماڵەکەوت. پیاوێک لە حەوشی ماڵەکە بوو هەردوو پێی پەڕین.. ئەو ڕۆژە بوو تۆپێک بەر بینایەک کەوت لە سیروان و بە سەدان کەس شەهید بوون و زۆربەیان سووتان. بۆردومانەکە بەردەوام بوو، لە ژێرزەمین دەرکەوتین بەرەو دەشتی حاجی رەقە رامانکرد. بە پێخواسی.. دواتر ماکینە و عەرەبانەیەک چاکەی کرد و رایگرت تا سەرکەوین و بمانگوازێتەوە.. بەلام عەرەبانەکەی هێندە گەرم بوو داغ ببوو.. بە پێی پەتی سەرکەوتین هەرچی منداڵ بوو تێیدا دەیزیڕاند دەستت ئەدایە هەر کوێیەکییەوە داغ بوو... ژێر پێمان داغ بوو..دوایی نەماندەتوانی بڕۆێن ،

**لەکاتی کیمیابارانی هەڵەبجە ماڵێ ئێوە لەکوێ بوو؟**

لە کیمیابارانکردنی هەڵەبجەدا، ئێمە لە سیروان بووین، بەر چەکی کیمیایي کەوتین و بینایيمان لەدەستدا و دراوسێکانمان زۆرینەیان شەهید بوون و باوکیشم بە سەختی بریندار بوو کاریگەری کیمایيەکەی لەسەر دەرکەوتبوو، هەتا دواچرکەساتەکانی ژیانی پێیەوە ئاڵودە بوو، ئەو لە لایەن پاسدارەکانەوە برایە شاخی سورێن بۆ نەخۆشخانە، لەوێ نەخۆشخانەیەکی گەڕۆکی ئێرانییەکان هەبوو، هەندێ چارەسەری سەرەتایی وەرگرتبوو. فەیسەڵی برام لەگەڵ ماڵی پورمدا (خوشکی باوکم) بەرەو ئێران ڕۆیشتن و ئێمەش ماینەوە تا 12 رۆژ دوای کیمیابارانەکە، نەماندەتوانی لە شوێنی خۆمان ببزوێین، چونکە: هیچمان نە ئەبینی. کاتێ دەردەچووین، هەندێ پێشمەرگە لەسەر ڕێگە پەشیمانیان دەکردینەوە و دەیانگوت ئەوەی ڕۆیشتووە کەسی دەرنەچووە و بگەڕێنەوە ونەچن باشترە.

**ئێوە کەی لەسیروان دەرچوون ؟**



ئەرسەلان ڕەحمان بەمنداڵی لە ئاوارەیی خۆ ئامادەکردن بۆ گەرانەوە بۆ نیشتمان

دوای کیمیاییبارانەکە، سێ رۆژی سەرەتا هەر لە ژێر زەمین بووین ودایکم سرکەی هەنار (رب)ی پێدەداین و دەرشاینەوە و هیچمان نەئەبینی. دواتر کەمێک باشتر بووین. رۆژانە تا لای گۆڕستانی سیروان ئەڕۆیشتین لەوێ هەندێ خەڵک و پێشمەرگەش لە ناویان بوو پەشیمانیان دەکردینەوە. دواجار پاسدارەکان هاتن و وتیان دەبێت بچنە ئێران. ئەوان دەگەڕان بەسەر مالەکاندا. ناچار ئێمەیان پێچایەوە و ژن و پیاوێکی بەساڵاچوو، کە مابوونەوە لەگەڵمان بوون لەو کۆڵانە و ژنەکە حاجی ئافتاوی دەروێشی شێخی کەسنەزانی و حاجی ئەمینی هاوسەری بوون و ئێمەش ماڵی خۆمان بووین بە بێ برا گەورەکەم کە لەگەڵ ماڵی پوورم رۆیشتبوو و هیچ هەوالیمان نەدەزانی. هەندێ شەکرو چا و کەمێک ئارد و خوێمان پێ بوو. چرایەکی فانۆسیشیان دابووە دەست من بۆ ئەوەی ون نەبم. سەباح و سەلاحی بچووکیش یەکیان برایەکم و یەکیشیان سەربازێکی عێراقی لەگەڵمان بوون تاو نا تاو دەیانگرتنە کۆڵ. ئێوارەیەکیان لە ماڵ دەرکەوتین و بەرەو خارگێڵان رۆیشتین. گیا تا ئەژنۆی مرۆڤ هاتبوو. ئەو شەوە باران دایکرد. دوای دوانزە رۆژ لە کیمیابارانەکە یەکەمجار بوو باران بباریێت. ئاسمان بروسکی ئەدا و زەوی رۆشن دەکردەوە. فانۆسەکەی دەستم کوژایەوە و لەناو گیای تا کەمەر هاتووم بەجێم هێشت. شەو گەیشتینە خارگێڵان.. بە درێژایی ئەو ڕێگەیە ناو بەناو دەنگی لورەی تۆپی دوورهاوێژمان دەبیست. لە خارگێڵان گەیشتینە ماڵێکی ئاژەڵدار کە لەوێ مابوونەوە. ئێمەی منالان و ژنان لە زینانێکدا خەوتین کە تەنیا چاڵێکی سەرگیراوبوو. پیاوەکانیش واتە باوکم و سەربازەکە و براکەم لە ژێر نایلۆندا لە دەرەوە و لەبەر بارانەکە خەوتن.

بۆ مەلا بانگدان و دوای تاریک ولێل بە بێ ئەوەی هیچ بخۆین بەرەو سەر جادەی سەرەکی بیارە بەرێ کەویتن و دنیا رووناکی کردەوە و ئۆتۆمبێلێکی پاسدار پێمان گەیشتن و هەندێک فستق کە لە دوکانەکانی هەڵەبجە هێنابوویان پێیان داین و وتیان تەیارە هاتە سەرتان خۆتان حەشار دەن. ئەوان رۆیشتن و دەنگی فڕۆکەی عێراقی هات.. خۆمان لە کونی پردی زستانئاوی نزیک ڕێگاکە حەشاردا. بەو شێوەیە بەردەوام بووین تا گەیشتینە بیارە.

لە بیارە چووینە خانەقا جێگە نەدەبوو. چووینە ماڵی دۆستێکی باوکم کە خانوویەکی دوو نهۆمی چۆڵ بوو، نهۆمی خوارەوەی ماڵێکی دیکەی راکردووی وەک ئێمە هاتنە ناوی و ئێمەش چووینە نهۆمی سەرەوەی.

لەو ماوەیەدا پاسدارەکان کە بنکەی سەرەکیان لە بیارە بوو، لە مەیدانی بیارە خێوەتیان هەڵدابوو. بە بڵندگۆی خانەقا سرود و مقاماتی فارسییان پەخشدەکرد. خواردنیان پێدەداین و بۆ ئێمەی منداڵانیش هەریەکە وێنەیەکی کەبسکراوی خومەینی یان خامەنەئییان وەک ملوانکە بە ملمانەوە دەکرد.

**وتت سەربازێکی عێراقیمان لەگەڵ بوو ئەو سەربازە چۆن کەوتە لای ئێوە ؟**

چەند رۆژێک بەر لەکیمیابارانکردن، پاسدار ناوچەکەیان داگیرکرد. پێشمەرگەش لەگەڵیان بوون. پاسدارەکان تا پردی زەڵمیان گرتبوو. پێش داخستنی پردی زەڵم، ئەو ماڵانەی بەرەو سلێمانی رایانکرد، سەدام شارێکی بە ناوی خۆیەوە بۆ درووستکردن و دواتر ناونرا هەڵەبجەی تازە.[2] ئێمە نەهاتین بەرەو سلێمانی. ئێران پردی زەڵمیشی گرت و رێگەی سەرەکی هەڵەبجە سلێمانی داخرا. سەربازە عێراقییەکان ئەوانەی کەوتنە دەست ئێران هەندێکیان بە دیل گیران و هەندێکیشیان کوژران. ئەوانەی پەرش و بڵاویش ببونەوە کەمیان دەرفەتی رزگاربوونیان هەبوو. یان دەگیران یان دەکوژران. پاسدارەکان خەریکی لێکردنەوەی محاویلەی کارەبا و تاڵانکردنی دوکان و دائیرە و مەکتەبەکان بوون. تەنانەت ستوونی کارەباشیان هەڵدەکەند. تەلی کارەبایان لە ستوونەکان لێدەکردەوە. ئەوانەم بە چاوی خۆم دەبینی. پاسدارم بەسەر ستوونی کارەباوە دەبینی و ئینجانەی ستونەکانیان لێدەکردەوە.

دواتر کیمیابارانی ناوچەکە کرا.ئەو خێزانانەی بەرێوەبوون بۆ ئێران لە ناوچە سنوورییەکان و لە دەرەوەی هەڵەبجە زۆرینەیان شەهید بوون. ئەوانەی لە ماڵەکاندا بوون و لە ژێر زەمینەکان خۆیان حەشاردابوو شەهیدبوون. بەشێکی ئەو سەربازانەی مابوونەوە و خۆیان حەشاردا بوو، لەناوچوون. خالید یەکێک بوو لەو سەربازانە لەگەڵ تیپێکی شەش حەوت کەسی هاورێیدا کەوتبوونە کەمینەوە و هاورێکانی دەستگیرکرابوون و ئەم رایکردبوو، خۆی لە گەورێکدا شاردبوویەوە. باوکم دەستی گرتبوو بە جامخانەی هەیوانی ماڵەکانەوە و نە دەیتوانی دانیشێت و نە دەیتوانی هیچ شتێک بکات. دەیناڵاند، هەناسەی بۆ نەدەدرا.. ئەو رۆژەم زۆرباش لەبیرە لە ژێرزەمین دەرکەوتبووین. هاتینە حەوشە.. هەندێ چۆلەکە و کوختیلە لە حەوشەکەمان وەک گەڵای دار هەڵوەریبوون. هەندێ قەڵەم گوڵەباخمان لە حەوشە چاندبوو، هەندێکیان باخچەچی قوتابخانەکەمان پێی دابووین و من هێنابوومنەوە گەڵایان کردبوو، بەڵام کە دەستم لێدا وەک توتن هەڵوەرین.. لەوکاتەدا پیاوێک بە هەڵەداوان لە دەرگای حەوشەوە هاتە ژوورەوە و خۆی دا بەسەر دەستی باوکمدا وشەیەک کە لە ئەوم بیست "خاطر الله" بوو. باوکم بە (ئیشارە) ئاماژە وتی برۆ ژوور. ئیدی ئەو کەسەم نەبینییەوە. تا بەرە بەری مەغریب. خۆی لەماڵ حەشار دابوو. بەرە بەری مەغریب هاتەدەرەوە. وابزانم خواردنی درووستکردبوو بۆمان. ئەوەندەم لەیادە لە سەرەتای هاتنییەوە.

**لە بیارە چیدیکەت بیرە..**

لە بیارە بووین، رۆژێکیان ژمارەیەک کەس بە وڵاخی بارداروە تێپەرین، باری وڵاخەکان شتی جۆراوجۆری لەسەر بوو، لە قۆری و کتری چای لێنانەوە تا پەتۆ و لێفە و بەتانی و وەک ئەوەی بیرمە و ئەو دەمە کەسانی دەوروپشتم باسیان دەکرد، ئەو بارانە لە بارەگاکانی دیموکرات و کۆمەڵەوە بە تاڵان هێنرا بوون.. ئەوکاتەی ئێران ناوچەکەی داگیرکردبوو، بارەگاکانی ئەو حزبانەش لە دیوی ئێران –رۆژهەڵات تاڵانکرابوون.

**کەواتە بیارەش کیمیاباران کرا ؟**

بەڵێ

**ئەی لە بارەی بۆردومانی بیارەوە چیت بیرە..**

بیرمە، چەمی بیارە هاژەی دەهات وکەفی دەکرد و بەهاراو هاتبوو، پاسدار لێرەو لەوێ خەیمەیان هەڵدا بوو، گوڵی دار قەیسی هەموو شوێنێکی رازاندبوویەوە. لە نهۆمی دووەمی ئەو خانووەدا بووین کە لێی گیرسابووینەوە. من و سەربازە عێراقییەکە (خالید) لە پەنجەرەکەوە کە بەشێکی شوشە و بەشێکیشیی نایلۆنی لێدرابوو، وەستابووین.. لە ناکاو دەنگێکی زۆر ترسێنەر و وەحشەتناک خانووەکانی لەراندەوە.. دەتوت زەوی هاواری لێهەستا و ئاسمان شەقی برووە.. چەند چرکەیەک بەدوایدا دەنگی تەقینەوەی یەک لە دوای یەکمان بیست.. خۆمان دابوو بە زەویدا.. تەپوتۆز و دەنگی شکانی شووشەکان و پاڵەپەستۆی هەوایەکی زۆر هاتە ژوورەکە.. خالید دەست بە دەست منی دەپشکنی بۆ ئەوەی بزانێت سەلامەتم.. خوێنم پێوە نییە.. دوو سێ پارچە بەر دیواری ناو ژوورەکە کەوتبوون.. لە خانووەکە هاتینە خوارەوە.و دوایی هاتینە دەرەوە.. پاسدارەکان دەتوت مێرولەن و ئاو چووەتە شاریانەوە هەریەک بە لایەکدا رایدەکرد.. هەندێ تەرمیان کەوتبوونە ناو ئاوەکەوە.. لە هەر شوێنێکت ئەڕوانی تەرم کەوتبوون..

[2] لەراستیدا شارەکە ناونرا حلبجە صدامیە بەڵام خەلک هەرپێیاندەگووت هەڵەبجەی تازە .

ژنێک، کەماڵیان لە نهۆمی خوارەوە بوو، هەر خزم و ناسیاوی ئاواییەکەشمان بوون، لە دەرەوە پارچەی بەرکەوتبوو.. دایکی بەسەر سەرییەوە بوو.. دەگریا.. پاسدارەکان خەریکی کۆکردنەوەی بریندار و مەیتی هاوڕێ وهاسەنگەرەکانیان بوون.. کەس بەلای ئەو ژنەدا نەدەهات.. دواتر هاتن ئەویشیان گواستەوە و سەرەتا لەوێ هەوڵی راگرتنی خوێنەکەیان دا و دواتر گواستیانەوە.

**ئەو ژنە کێ بوو ناوی چییە ؟**

ئاسکۆڵی کچی حاجی سەعید بوو.

ئەو پاسدارانەی رۆژانە وەک هاوڕێیەکیان لێهاتبوو، بۆمان ئیدی نەمان بینینەوە.. چونکە هەموو رۆژێک من و خوشکەکەم ئەچووین لە کاسەی پێچراودا خواردنی ئامادەکراومان لێیان وەردەگرتن.. ئیدی ئەوانمان نەبینییەوە و بۆ ئەوەیان کە ریشێکی ماش و برنجی هەبوو، چاویلکەی لەچاو بوو، هەموو رۆژ خواردنی پێدەداین.. ئێستاش هەست دەکەم بۆی بە حەسرەتم.. ئەویان هەموو رۆژێک بەشێک زیاتر و بزەیەکیشی وەک دیاری پێدەداین.. کە دوور دەکەوتمەوە لێی هەر کات ئاوڕم ئەدایەوە، وەک ئەوەی ئاگاداریمان بکات و حەز بکات بە سەلامەتی بگەڕێینەوە ماڵ، چاوی لەسەرمان بوو.. دەستی بۆ رادەوەشاندم.. تەنیا ئەوەندە یادەوەری ئەو پیاوە هێشتا لە بیرکردنەوەمدا جێی خۆیان لەق نەکردووە و کاڵ نەبوونەتەوە.

**دوای ئەوە چۆن چوونە ئێران....**

دوای بۆردومانکردنی بیارە، ئێرانییەکان ئاگاداریان کردینەوە کە دەبێت بچینە ئێران و مەترسی ئەوە هەیە بە بۆمبی "شیمیایی" لە بیارەش دەدات. بارهەڵگرێکی 16 تەنییان بۆ ئامادەکردین و ژمارەیەک ماڵ بووین بەیەکەوە سەریان خستین و بەرەو ئەو دیوی سنوور بەڕێکەوتین. شەو گەیشتینە پاوە. پاوە بە یەکێک لە مەڵبەندە دێرینەکانی هەورامانی ئەودیو دەناسرێت و ناوەکەی لە پاوی کوڕی یەزدگوردی پاشای فارسەوە هاتووە و لە سەردەمی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ سەر زەمینی ئێران، سوپای یەزدگورد لەو ناوچەیە سەربازگەی هەبووە و هەندێک بۆچوونیان وایە ناوەکە لە پاوی کوڕی یەزدگوردەوە هاتبێت.

لە خێوەتگەیەکی ئامادەکراو بۆ ئاوارەکان لە نزیک پاوە دابەزین. ئێمەیان بردە خێوەتێکەوە. راخەرێک و چەند بەتانییەکی سەوز و سندوقێک پرتەقاڵ و لالەنگی و سێوی تێدابوو. ئەو شەوە لەوێ رۆژمان کردەوە. بۆ رۆژی دواتر ناونووس کراین. و پێیان راگەیاندنین کە دەماننێرن بۆ ناوچەیەکی دیکە.

**لەوێوە بۆ کوێ رەوانە کران..**

دوای کەمتر لە هەفتەیەک، ئێرانییەکان بە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر و بەکاروانێکی 20 تا 30 ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ئێمەیان گواستەوە و ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتینە خێوەتگەیەک، کە لە بناری زنجیرەیەک گردی بەرز و لە حەوزی دەشتاییەکی سەوز و داچێنراوی کشتوکاڵیدا دروستکرابوو. دواتر بە ناوەکەی ئاشنا بووین، ناوی بە ناوی لادێیەکی ئەو ناوچەیەوە کرابوو. پێیان دەوت "وەرمەهەنگ" نزیک بوو لە شارۆچکەی کامیارانەوە.

لەوێ ژیانی راستەقینەی ئاوارەیی و ناو خەیمە دەستپێکرد.


**بەسەرهاتەکانی ئەوێ چیت لەبیرە..**

لە ئۆردوگای وەرمەهەنگ وەک میوانی کۆماری ئیسلامی رێزیان دەگرتین. هەر چەند ماڵێک نمایندەیەکیان هەبوو. کەرەستەی خۆراکی رۆژانە و نەوت و جلوبەرگ و پێداویستی ناو ماڵ لە رێگەی نمایندەوە دابەشدەکران. رۆژانە نان و گۆشت و خۆراکی سەرەکی دەگەیشت پێمان. ژێر خەیمەکانیان کرد بە چیمەنتۆ.. هەفتانە کیمیایی دژی مارو مێروو دەوەشێنرا.. بۆگەرماو کردن بە نۆرە و خشتە هەر خێزانێک هەفتەی یەک جارمافی گەرماوی هەبوو.. ئێرانییەکان پێویستیان بە هێزی کار هەبوو.. هەر کەسێک توانای کارکردنی هەبووایە ناونوس دەکرا و ئەو گرد و تەپۆلکە و چۆڵەوانیانەی رووتەن بوون، کاریان تێدا دەکرا و بە دەستی کاری خەڵکی ئاوارە ئاوەدانکرانەوە و نەخشەی دروستکردنی دارستان و باخی سێویان تێدا ئەنجامدرا.. گردەکان ئەگەر سەیرت کردبان لە دوورەوە سووریان دەکردەوە، چونکە تەپۆلکە خۆڵی سووری چاڵەکان بە ریز ئەمسەر بۆ ئەو سەر ریزیان بەستبوو.. ئامادەکرابوون بۆ وەرزی چاندن نەمامیان لێ بنێژرێت. هەر خەیمەیەک دەبوایە نەمامێک پەروەردە بکات. ستوونی کارەبای دارین داچەقێنران.. رەنگە ئەوە یەکەم پرسیاری منالیم بووبێت کە لە باوکمم پرسی بۆچی ئەو دارستووتانە دەخەنە ناو بەرمیلێک قیری رەشەوە و دواتر دەیانخەنە چاڵەوە.. وەڵامەکەی ئەوە بوو بۆ ئەوەی دانەڕزێن لە ژێر خاک.. ئەمە هەر ئەو هونەرەیە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ باوباپیرانی ئێمە لە هەورامان بەکاریان هێناوە و ئەو بەشەی دار کە

کەوتووەتە سەر دیواری خانوو و پاساری لەسەر دانراوە، دووکەڵدراوە تا رەشبێت بۆ ئەوەی هیچ زیندەوەرێک داینەخورێنێت و زیانی لێنەدات..

لەوێ ئێمەی منالیان بانگهێشت کرد بۆ قوتابخانە.. لە شوێنێک کۆکرابووینەوە، هیچ شوێنەوارێکی قوتابخانەی پێوە دیار نەبوو.. ئێمە دەمانزانیی قوتابخانە جەرەسی هەیە، رەحلەی تێدایە.. پۆل پۆلە و حانووتی تێدایە.. بەڵام ئەو شتانەمان هیچ نەبینی بۆیە هیچ کات ئارەزوومان بۆ چوونە ئەو ژوورانە نەبوو، کە فەرشیان تێدا راخرابوو، کەوشمان لە پا دەکردەوە و دەچووین چوارمشقی دادەنیشتین.. مامۆستایەک لەسەر کارتۆنێکی وێنەدار وانەی دەموچاو شوشتنی پێ دەوتین و ئێستاش ئەوەندەیم بیرە "ئەمین چ کار میکند".. ئەزبەرمان کردبوو "ئەمین دست و صورت رامیشورند"..

**لەو ئۆردوگایە رەوشی خالید چۆن بوو..**



ترسمان هەبوو، ئەو برایەم کە لەگەڵ ماڵی پورم بوو، ئەوان بە سەلامەت گەیشتبوون و رەوانەی ئۆدوگای شوشمێ کرابوون. خۆشبەختانە گەڕایەوە ناومان.. خالید هەر لەگەڵمان بوو. ئێرانییەکان بۆ خێزانی ئێمە 3 خەیمەیان پێدابووین. ئەو لە یەکێکیاندا بوو. نەدەهاتە دەرەوە.. جلی کوردی لەبەردابوو، بەڵام هیچ کات وەک کوردێک لێی نەدەوەشایەوە و پێی رانەهاتبوو. هەندێک کات ئارەزووی گەڕانی هەبوو، دەرفەت هەبوایە بەیەکەوە دەچووینە ئەو دەشتەی کە بەشێکی زۆری بە کولەکە و نۆک و پاقلە داچێنرابوو. چۆمێک لە دووری نیو سەعاتە رێگەیەک هەبوو، ئاوی پێدا دەهات.. بۆ سەرشوشتن و ریشتاشین لەگەڵی دەرۆیشتم بۆ کەناری ئەو چۆمە.

رۆژێکیان ئۆتۆمبێلێکی پاسدار لەبەر دەم خێوەتەکانماندا وەستا. داوای عەرەبێکیان کرد، گوایە ئەمنی عێراقە. زانیمان مەبەستیان ئەوە. باوکم یاوەری کرد. لەگەڵی سەرکەوت بۆ ئەوەی بچنە بنکەی پاسدارانی خێوەتگەکە. ئەوەندەی بیستوومە و بیرمە ئەوەیە کە باوکم چیرۆکی ئەوەی بۆ داڕشتبوو، بڵێت من سەرباز نییم، تەنیا ئەوەی خەڵکی کەرکوکم و لەو عەرەبانەم کە لە کەرکوک دەژیین و برایەکم سەربازە و هاتبووم بۆ سۆراغکردنی و کەوتمە گێژەنی رووداوەکانی هەڵەبجە و لەگەڵ ئەم بنەماڵەیە هاتوومەتە ئێران.. ئەوان ئەگەر وەک سەرباز بیان ناسیبا رەوانەی سەربازگەی دیلەکانی شەڕیان دەکرد. بەڵام خۆشبەختانە وەک مەدەنی مامەڵەی لەگەڵ کرا و تەنیا ئەوەندە ئیجرائاتیان کردبوو، کە لای ئێمە نەبێت و بیگوازنەوە بۆ ئۆردوگایەکی تایبەت بەوکەسانەی سەڵتن و خێزانیان لەگەڵ نیبە ئێمە لە ئێران کاری پێدەکرا و زگورد یان سەڵت بۆی نەبوو لەناوکەمپی خێزانەک

فەیسەڵی ئەنفالکراو کوڕی حاجی ڕەحمانی نارنجەڵە

**کەی گەرانەوە ؟**

دوای رازیبوونی ئێران بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش و رازیبوونی عێراق، سەدام حوسێن لێبوردنی گشتی بۆ دەرکردین. ئێرانییەکان ئێمەیان رووبەڕووی چەند بژارێک کردەوە. گەڕانەوە بۆ عێراق، مانەوە لە ئێران، رۆیشتن بۆ وڵاتی سێیەم. هیچ کەسێ لە ماڵی ئێمە لەگەڵ مانەوە لە ئێران نەبوو. ئێران وەک وڵاتی غەریب لە هزری باوکمدا نەخشی کێشابوو. بۆ وڵاتی سێیەمیش، باوکم نەچووە ژێر باری ئەوەی قبوڵی بێت گۆڕغەریب بێت و بڕوای وابوو، تەنیا وڵاتێک شایستەی ژیان و تێدا مردنە ئەو رەزو باخ و زەویەیە کە باخەوان یان جوتیار هەیانە. ئەو هەمیشە دەیوت هەر کەس ئەچێت با بچێت.. کەسێ عەرز و ئاوی هەبێت ریشەی لە عەرز و ئاوەکەیدایە و نابێ ریشەی خۆی هەلکێشێت. ئیدی بریاری گەڕانەوەمان دا و بە ئۆتۆمبێلی ئێرانییەکان تا سنووری شلێرو ناوخوان هێنراین.

**ئێوە یەکسەر رەوانەی گردەچالکران یان بران بۆ نوگرەسەلمان ؟**

کە هاتینەوە لە شلێرو ناوخوان ئێمەیان رادەستی عێراق کرد. لە ناو ئۆتۆمبیلی ئێرانییەوە شتومەکیان خستینە ناو زیلی عەسکەری عێراق و دانەبەزینە سەر زەوی. ئۆتۆمبێلی ئێرانییەکان لە دیوی خۆیان و عێراقیش لە دیوی خۆی پشتیان لەیەک کرد. سنوورەکە تەلێکی دڕکاوی بوو. لە تەلی سنوور بە زیلی عەسکەری دوورخراینەوە. لە تەختاییەکی پڕ دەون و سەوزایی داگیراین. 3 شەو لەوێ ماینەوە و ناوچەیەکی لوغم رێژکراو بوو. بۆمان نەبوو بجوڵێین. سەربازەکان بە تولە رێی باریکی پر لە پێچدا دەچوون بە جلیکانەی ئاسنی سەربازی ئاویان دەهێنا.

لەوێ فەیسەڵی برام کە موالیدی بە سەربازگرتنی داواکرابوو، جیاکرایەوە و بەرەو تەجنید لە لایەن سوپاوە گواسترایەوە. دواتر ڕەوانەی عەربەت کراین. لەوێشەوە ئێمەیان بردە باینجان و نزیکەی 40 شەو لەوێ بووین. باینجان سەرزەمینی دوپشک و ڕەشەبا بوو، زەویەکی شێداری هەبوو، لە هەر کوێیەک یەک دوو مەتر چاڵ هەڵکەنرابا، ئاوی تێ دەزا. لەوێ خەیمەی ئێرانیمان کردنەوە و لە هەموو لایەکەوە خەیمە هەڵدران و ساتری خۆڵی دەوروپشتی خەیمە چاککران بۆ بەرگرتن لە باران و 40 ڕۆژێک لەوێ بووین.


**لەوێوە بۆ کوێ..**

لە ئۆردوگای باینجانەوە، باسکردن لەچارەنووس گریانی دایکم و بێدەنگی باوکمی بەدوادا دەهات. کەسوکارو دۆست و ناسیاو لەیەک کۆدەبوونەوە. هەریەک شتێکی دەوت، بیرمە هەندێک دەیانوت دەمانبەن بۆ نوگرەسەلمان و دەشیان وت ئەوەی چووە نەگەڕاوەتەوە و هەندێکیش دەیانوت دەمانخەنە بەحرەوە و بۆ ئەوەمان دەبەن.

زرێپۆشی سەربازی بە چواردەوری خێوەتگەکەدا بڵاوببونەوە. هیچ کەس لە ئێمە نەماندەزانی چارەنووس بەرەو کوێیە. ناونووسکراین، وتیان بە نۆرە دەبرێن و کەسیش نەیدەزانی بۆ کوێ..

ڕۆژێکیان خەبەریان دا خۆمان بپێچینەوە، خەیمە و بارمان تێکنا، دوای نیوەڕۆ زیلێکیان هێنا و کەلوپەلیان سەرخست و منیان لە پێشەوە دانا و لای باوکم و شوفێری زیلەکە بووم، کە سەربازێکی عەرەب بوو. هیچ کوێیەکم نەدەناسی و نە باوکم و نە سەربازەکەش قسەیان نەدەکرد. بە بێدەنگی زیلەکە لە ریزی سێیەم و چوارەمی ئەو کاروانە دوورودرێژەی زیلەکان بوو کە خەڵکیان بەرەو نادیار دەبرد.

وەک ئەوەی پێم وترابێت قسەکردن عەیبە، منیش هیچم نەدەوت، هیچ پرسیارێکم نەبوو، لە کەرکوک تێپەرین و دنیا تاریک داهات. هەموو شتێک بە بێدەنگی تێپەڕ دەبوو. کە گەیشتینە هەولێر، ئەو ماڵانەی دەکەوتنە سەر ڕێگە، ڕووناک دیار بوون، ژن و پیاو، گەورە و بچووک لە پشت پەردەی تەنکی چێشتخانەوە، پەردەیان لادابوو، سەیریان دەکرد...



حاجی ڕەحمانی نارنجەڵە پێش کیمیاباران

هەندێکیان دەمبینی دەهاتنە بەردەم پەنجەرەکە و خێرا گڵۆپەکانیان دەکوژاندەوە بۆ ئەوەی کەس نەیانبینێت. هیچ سەرم لەو کارەیان دەرنەدەچوو..

لەو ئاوەدانییە بێدەنگەش بە بێدەنگی تێپەڕین.. گەیشتە ڕێگەی خۆڵ.. تۆزی زیلەکانی پێشمان هەراسانیان کردبووین. باوکم بە بێ ئەوەی هیچ بڵێت دەمامکی کرد.. ئەو لە کیمیابارانەکەوە تووشی ڕەبۆ ببوو. بیرم نایەت بە درێژایی ئەو ڕێگەیە داوای ئاوم کردبێت، یان باسی نان و برسێتیم کردبێت.

**سەرەنجام گەیشتنە کوێ؟**

وابزانم کات 9ی شەو بوو، گەیشتینە دەشتێک، بە هەر لایەکدا دەتڕوانی تاریکییەکی سامناکی هەبوو، دەنگی گریانی منداڵ، ڕۆڵەڕۆکردنی ژنان، دەنگی خاکەناز و دووکەڵی سووتاندنی پوش و پەڵا هەموو ئەو ناوەی گرتبوویەوە. لە دوورەوە کڵپەی ئاگرم دەبین دەچووە ئاسمان و دەنیشتەوە و خامۆش دەبوو.. نەمدەزانی هۆی چییە.. زیلەکە بە شێنەیی دەڕۆیشت و وەک بڵێی چاوەڕێی فەرمان و قس

بڵاو ببونەوە و ڕێیان پیشانی یەک بەیەکی زیلەکان دەدا.

گەیشتینە ئەو شوێنەی بڕیار بوو، دابەزین. باوکم دەرگای لای خۆی کردەوە، وتی تۆ دامەبەزە. خۆی دابەزی و شوفێرەکەش دابەزی. سەرم لە جامی دەرگاوە دەرکێشا.. زەوی زەرد دەچووەوە.. دیار بوو باوکم وتبووی زیلەکە بەرە پێشتر با بیسوتێنین.. شوفێرەکە سەرکەوتەوە و زیلەکەی چەند مەترێک بردە پێشتر و ئاگریان کردەوە. سەربازەکە سەرکەوتوە. سەری بەسەر سوکانی زیلەکەدا دا و هەنسی گریانیم دەبیست.. ترسام.. کە ئەوم بینی هەنسکی دێت و سەر بەرز ناکاتەوە حەزم ئەکرد یەکێ بڵێ دابەزە و پەلم بگریت و بمهێنێتە خوارەوە.

ڕەنگە ئەو سەربازە بە درێژایی ئەو ڕێگەیە بە بێدەنگی گریابێت و نەیویستبێت کەس وشەیەکی لە بارەوە ببیستێت..

یەکێ لە خەیمەکانیان ڕاخست و لەسەری کۆبووینەوە و نازانم کەیی و چۆن خەو بردمییەوە.

**ڕۆژی دواتر چیت بینی..**

رۆژی دواتر، چاومانکردەوە، هەتا ئەترِوانی خەڵک بوو، کۆمەڵ کۆمەڵ .. دەنگی گریان..منداڵ.. لاوانەوە.. دەنگی بێنە و برِۆ.. مەکە و داینێ.. خاکەناز.. هەموو شتێ... دەنگی مردن.. ترس.. بێدەنگی.. هەمووشتێ..!!

ئەوێ ناوی گردەچاڵ بوو، بەناوی لادێیەکی ئەو ناوە ناونرابوو. پەڵە پەڵەی رەشی شوێن خێزانەکان لە لایەک، درکەزەردی وشکهەڵاتوو... زەوی شەقار شەقار... هەتا ئەترِوانی هەر دەشت.. هەر تەختایی.. هەر زەردایی بوو...

**چەندە لەهەولێرەوە دورە ؟**

نزیکەی نیو سەعات بە ئۆتۆمبێل.

**چەندە لە ناوچەکەی خۆتانەوە دورەوە ؟**

بە ئۆتۆمبیل چوار سەعات رێگا ئەبێ بە خێرایی 100 کم لە سەعاتێکدا .

**چارەنووسی خالید چی بوو.**

ئەو کاتێک لە ئێران جیاکرایەوە لێمان پرسی راگرتنی شەرِ هاتبووە پیشەوە. وەک مەدەنی هەژمارکرا. دوای راگەیاندنی لێبوردنی گشتی زگورد و موتەفەریقە پێش ئێمە گەرِابوونەوە عێراق. واتە خالید پێش ئێمە گەیشتبوویەوە عێراق.

پێش ئەوەی بگەرِێینەوە باوکم سۆراغی ئەوی کرد، پێیان وتبوو، کە دەنێردریتەوە عێراق. ئیدی بێخەم بووین. دوای ئەوەی گەرِاینەوە و لە گردەچاڵ گیرساینەوە. رۆژێک هەواڵمان درایێ کە ماڵێکی عەرەب لێمان دەپرسن.. لە رێی تۆماری مونەزەمەوە زانیبوییان لە گردەچاڵین.. خۆی و باوکی و کەسوکاری هاتبوون بۆ سەردانمان. ئەوە یەکەم دیداری دوای گەرِانەوە بوو.

دواتر باوکیشم سەردانی شاری حلەی کرد و لەوێ نزیکەی مانگێک میوانداریيان کردو نەیانهێشت بگەرِێتەوە تا ئەوەی خەریک بوو ترسمان هەبێت شتێکی بەسەرهاتووە.

**چۆن تەماشای تاوانی ئەنفال و هەڵەبجە دەکەیت ؟**

هەرچی بڵێم هەر کەمە و قسە و زمان و نووسین ناتوانن هەقی ئەو تیروانینە بدەن کە بۆ ئەو تاوانانە هەمە... رەنگە لە دەرەوەی رووداوەکان مرۆڤ بتوانێت قسەیان لەسەر بکات و رای خۆی یان تورەیی خۆی دەرببرِێت.. بەڵام لە دیمەنی هەڵوەرینی گەڵایەکەوە تا لە پەلوپۆکەوتنی چۆلەکەیەک تا دەگاتە هەنگاونان بەسەر تەرمی منداڵ و ژندا تا دەگاتە ئەو هەموو نەهامەتییەی بە چاوی سەر بینیومانە دەتوانم چی بڵێم.. رەنگە بێدەنگی پرماناترینی دەربرِین بێت...

**بۆچی وەک رۆژنامەنوسێک بیرت نەکردووەتەوە لەو دۆسێیەدا کار بکەیت ؟**

تورەیی.. بێهیوابوون.. هەستکردن بە پەراوێزخستن.. گرنگیی پێنەدانی لایەنی پەیوەندیدار.. فەرامۆشی..

**بۆچی بیرت نەکردووەتەوە چیرۆکی ماڵی خۆتان بنوسیتەوە ؟**

هێشتا سارِێژ نەبوونە.. بۆچی بێدەنگیمان بشکێنم..

**زۆر کەس لە دوای راپەرین گەرانەوە بۆ هەڵەبجەو هەورامان ئیوە بۆچی نەگەرانەوە ؟**

ئەوەیان چیرۆکێکی کارەساتباری دیکەیە و پەیوەندی بە بیسەروشوێنکردن و ئەنفالکردنی فەیسەڵی برامەوە هەبوو.


فەیسەڵی برات کەی گیرا ؟ لەگەرِانەوەدا ؟

نەخێر ساڵی ۱۹۹۱ لە رۆژی داگیرکردنەوەی سلێمانی لەلایەن بەعسەوە.

**شتێک کەمن بەبیرمدا نەهاتووە تۆ بتەوێت باسی بکەیت ؟**

زۆرشت هەن، بەڵام با بۆدەرفەتێکی دیکە بن. سوپاس بۆ ماندووبوون و بەسەرکردنەوەکەت و بایەخدانت.




محافظة بابل
قضاء محاويل